# چارەنووسی نیئۆجەلالییەکانی سەر گردەکە و دەوروبەری بەرەو کوێ ملدەنێت؟

هەژێن
۲۳ی ئایاری ۲۰۱۷

پێشەکی، بۆ من چ ساڵی ۲۰۰٦ و چ ئێستا لیست و پارتیی بەناو "گۆڕان" هیچ جیاوازییەکی لەتەک پارتییەکانی دیکە و دەسەڵاتداران نەبووە و نابێت. چونکە یەکەم ئاراستەیەکی ڕامیاریە و پارتیی و ڕێکخستنێکی قووچکەییە، کە سەرەنجام ئامانجی دەسەڵاتداری دەبێت و دەسەڵاتیش لەپێناو دابینکردنی مشەخۆری و دارایی تایبەت دەبێت، دارایی تایبەتیش ئامرازی کۆیلەکردن و ناچارکردنی نەدارانە بە کرێگرتەبوون.

وەک لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابوردوو ئاماژەمداوە، جیابوونەوەی نەوشیروان تاکتیکی (ینک) بەدیاریکراوی تاڵەبانی و نەوشیروان بوو، بۆ ڕاوکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکان، بەڵگەش بەخشینی گردی زەرگەتە و (۱۰) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو لەلایەن تاڵەبانی بە نەوشیروان و بە گوێرەی نووسینێکی خودی نەوشیروان. هەر ئاوا کە پێشتر نووسیم: ئایا هیچ دەسەڵاتدارێک هەیە، کە گرد و پارە بە دژەکەی ببەخشێت، بۆ ئەوەی خۆی لەنێوبەرێت؟

من دژبوونی نەوشیروان و پارتییەکەی بەرانبەر (ینک) و تاڵەبانی و بەخشینی گرد و سامان لەلایەن تاڵەبانی بۆ لەنێوبردنی خۆی، وەک بەخشینی مۆڵەتی چالاکیکردن و مووچەی مانگانەی پارتیایەتییە بەتایبەت پارتییە کۆمونیستەکان لەلایەن دەوڵەت، کە بەڵگەی تەواوکەربوونی پارتییە کۆمونیستەکانە بۆ سیستەمی چینایەتی نەک لەنێوبەربوونی ئەوان بۆ سیستەمەکە.

وەک ئەزموونی مێژوویی نیشانیدەدات، بزووتنەوە و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان پاش مردنی کەسایەتییە پیرۆزکراوەکان بەرەو کەرتبوون دەڕۆن، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی نیوەڕاست، کە کۆمەڵەکانی بە کولتوورێکی دیکتاتۆری بارگاوین، لەوانەیە باشتر بێت، کە لەنێو ڕەوتە کۆمونیستەکان و پارتییە کۆمونیستەکانی ئەو ناوچەیە نموونە بهێنمەوە، کە "کۆمونیزمی کرێکاریی" دیارترینیانە و بە مردنی ڕابەرەکە ئایدیۆلۆجییەکەی (مەنسووری حیکمەت) پاش پازدە ساڵ هێشتا وەک تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی و کەرتبوونی ناوکی گەردیلە بە بەردەوامی پارتییەکانی ئەو ڕەوتە کەرتدەبن و پارتیۆکەی دیکە دروستدەبن و ئەوانیش کەرتدەبن و پارتیۆکەی دیکە دروستدەبنەو ... ..

بزووتنەوەی بەناو "گۆڕان"/ پارتییە نیلییەکەش بەرەو ئاوا چارەنووسێک دەڕوات، چونکە ئەویش بێجگە لە تایبەتمەندییە چینایەتی و گشتییەکەی وەک ڕێکخراوێکی ڕامیاریی و قووچکەیی و دەسەڵاتخواز، هەڵگری هەمان تایبەتمەندیی ڕێکخستن و پێکهاتەی دیکتاتۆریی و خێڵەکی خۆرهەڵاتی ناوینە، دەسەڵاتداربوون و دارابوونی ئەندامانی خێزان و خزمانی خودی نەوشیروان و هاوسەرەکەی و بەدیاریکراوی منداڵەکانی باشترین بەڵگەن. ئەوەش مەترسی کەرتبوون و شیتەڵبوونەوەکە زیاتر دەکات.

هەڵبەتە نابێت، ئەوەش لەبیربکەین، کە وێرای تاکتیکیبوونی "بزووتنەوە"ی پارتییە نیلییەکە و (ینک)ی-بوونی پێشینەی زۆربەی ئەندامانی نێوەندی و سەرکردایەتی و کەسە دیارەکانی گردەکە، بەدڵنیاییەوە لە ساڵی ۲۰۰۹ تاکو ئێستا بە بەردەوامی (پدک) لەسەر کڕین و نزیکبوونەوە لە کەسانی دیاری سەر گردەکە بەردەوامە و هەوڵدەدات، هەر ئاوا کە باڵێکی (ینک) لەسەر کڕینی (کۆسرەت / ئەندامی سەرکردایەتی) و (نەجمەدین کەریم / پارێزگاری کەرکووک) لەلایەن (پدک) بەڵگە دەهێننەوە و دەیسەلمێنن، بەدڵنیاییەوە لەنێو گردەکە و دەوروبەری کەسانێک کڕدراون. ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە ڕامیاران لەپێناو دەسەڵات هەوڵدەدەن و دەسەڵاتیش بۆ دارایی و مشەخۆرییە و لە ئێستادا مشەی دارایی و مشەخۆری لەژێر ڕکێفی (پدک)ە و خۆفرۆشی و سیخوڕیی ڕامیاران بەگشتی و ڕامیارانی کورد بەتایبەت پارتییەکانی بزووتنەوەی چەکداری کوردایەتی، کە وەک پەروەرندەی بەعسییەکان نیشانیدا ئەندامانی سەرکردایەتی لایەنەکان یان خودی ڕژێمی بەعس ناردوونی یان لە گفتوگۆکانی ۱۹۷۰-۱۹۷٤ و ۱۹۸۳-۱۹۸٤ و ۱۹۹۱ بەکرێی گرتوون، یان بەکرێگیراوی دەوڵەتی سوریە و تورکیە و ئێران بوون، بێجگە لەوەی بزووتنەوە چەکدارییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ۱۹٦۱ تاکو ئێستا دەسکەلای دەوڵەتانی بریتانیا و ئەمەریکا بوون و هەن و تەنانەت دەسکەلای دەسکەلاکانی ئەوانیش.

بە بۆچوونی من، بێجگە لەوەی کە جیابوونەوەی نەوشیروان و دروستکردنی لیست و پارتییەکی نیلی بە پارە و گردی تاڵەبانی تاکتیک بوو بۆ ڕۆژی تەنگانە، دوو هۆکاری دیکەش هەبوون:

یەکەم، زاڵبوونی (پدک) و کشت/ مات کردنی تاکتیکی لەنێو پارلەمان و فەرمانداریی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی پارلەمانتاران و شالیارانی پارتییە نیلییەکە بوون بە هۆی خۆفریاکەوتنی (ینک) و (نیئۆجەلاییەکان)، هەرچەندە سیناریۆیەکی ڕامیاریی بوو بۆ بەڕێکردنی ڕێکەوتننامەی نەوت لەتەک تورکیە، هێنانی داعش، بازرگانی نەوت و گاز لەتەک داعش، بە جینۆسایددانی ئێزیییەکان، کڕینی چەکێکی زۆر لە کارخانەکانی چەکسازی و ساخکردنەوەی چەکە کۆنەکانی دەوڵەتانی بریتانیا و ئاڵمانیا و ئەمەریکا و ئیسرائیل و... قەرزارکردنی کۆمەڵی هەرێمی کوردستان هەتاهەتایە بە قەرزی سەپێندراو و مەرج قورسی بانکی جیهانی و بانکی نێوەندی ئەوروپا و سندوقی نێودەوڵەتی دراو. لە بارێکی ئاوا نەدەکرا هەموو لایەنەکان خۆیان ڕازی نیشانبدەن و دەبوو بە سیناریۆ و گارەگاری پارتییایەتی و دابەشکردنی خەڵکی ناڕازی بەسەر سلێمانی و هەولێر، خەڵک خەریکبکەن، تاکو ئەوان لە پشت پەردەوە بەبێ خەم و ئارامی ڕێکەوتننامەکان مۆربکەن، کە هەڵوەشاندنەوەیان تەنیا بە ڕوخاندنی دەوڵەتی عیراق و فەرمانداریی هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی ١٩٩١ کە نەوشیروان و سەرانی دیکەی گردەکە دەسەڵاتدار و (ینک)ی بوون، تاکو ئێستا بە پلان و ئاسانکاریی زلهێزەکان و دەزگە سیخوڕییەکان و کۆمپانییە جیهانخۆرەکان، زەمینە و هۆکارەکانی ڕوخاندنی دەوڵەتی عیراق و فەرمانداریی هەرێمی کوردستان ئەستەمدەکرێت، کە لە پێش هەموویانەوە تایبەتکردنەوە و پارتییکردنی کەرتە ئابوورییەکان و دابەشکردنی ناوچەگەرییانەی خەڵکی ناڕازییە بە سیناریۆی ئۆپۆزسیۆنی باڵێکی دەسەڵات.

دووەم، وەک دەزانرا و دەزانین نەوشیروان موستەفا نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکانی هەبوو و ڕادەی زۆری تەمەنی مانی نەخۆشەکان لە پێنج ساڵ زیاتر نییە و گەڕانەوەی نەوشیروان و پێشوازی لەلایەن نێچیرەوان و لە فڕۆکەخانەی هەولێر زەنگی کۆتایی تەمەنی ئەو بوو. هەر لەبەرئەوەش بوو، ئەو زوو فریاکەوتوو و لەتەک (ینک) ڕێکەتننامەی کرد، تاکو پاش مردنی خۆی ئەگەری دوورکەوتنەوەی پارتییە نیلییەکە و گردەکە لە (ینک) و نزیکبوونەوەی لە (پدک) یان گۆڕینی ئاراستەی دووربخاتەوە و سەرانی گردەکە لەسەر بنەمای وەفاداری بە بڕیارەکانی ئەو بچنەوە نێو (ینک) یان پابەند بە هاوپەیمانییەکی ستراتیجی (ینک) بمێننەوە.

ئێستا ئیدی گردەکە و پارتییە نیلییەکە کەوتوونەتە بەردەم دوو ئەگەر:

-کۆتاییهێنان بە سیناریۆی ئۆپۆزسیۆنبوون و لیست و پارتیی "گۆڕان" و گەڕانەوە بۆ باوان و بەهێزکردنەوەی (ینک)، کە جیابوونەوەکە بۆ پاراستنی خودی ئەو (ینک) بووە. ئێستا ئیدی پاش یازدە ساڵ دەستەمۆکردنەوەی گۆڕانخوازە خۆشباوەڕ و ناهوشیارەکان، زۆرینەی دەنگە ناڕازییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و کەرکووک و تەنانەت هەولێریش کە ساڵی ٢٠٠٦ خوازیاری ڕوخاندنی دەسەڵاتی مافیایی (ینک) و چەپاوڵگەرییەکانی (کۆمپانیای نۆکان و ...تد) بوون، بە خۆشباوەڕیی و چاوەڕوانی "سەرۆکی باش و پارتیی باش و پارلەمانی باش و فەرمانداریی باش و دەوڵەتی باش" تەواو بە سەروەریی کۆمەڵی چینایەتییەوە گرێدراون و نەک بە گەڕانەوە بۆ نێو (ینک) ملدەدەن، بەڵکو ئامادەن لەسەر بڕیاری گردەکە ببنە (پدک). بەڵام ئەگەری گەڕانەوە بۆ باوان زیاترە، چونکە سلێمانیچیەتی و دژایەتی بادینانی و هەولێرییەکان هاندەری یەکەمی سەران و لایەنگرانی گردەکەیە و هەر دنەدانی ئەو قینەش بوو، کە وەک پەڕجوویەک لە ماوەی چەند ساڵێک (٢٠٠٦-٢٠٠٩) خەڵکی ناڕازی دژە گەندەڵی گۆڕی بە داخوازیکەرانی بەشە گەندەڵی، ناڕازیان لە ڕامیاریی و پارتییایەتی و فەرمانداریی گۆڕی بەلایەنگرانی دەسەڵات و دەنگدەری سوپاسگوزار و چاوەڕوانانی هاتنی "جەلادی دڵسۆزی گەل".

- بەڵام ئەگەر ئەو کەسانەی کە (پدک) لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابوردوو لەنێو گردەکە بەکرێیگرتوون، دەسەڵات و پلە و پێگەی بڕیاردانیان هەبێت، زۆر ئاسایی دیواخانی گردەکە و پارتییە نیلییەکە دەبن بە دوو کەرت و کەرتێک بەرەو باوان (ینک)، کەرتێک بۆ چنینەوەی بەری ڕەنجی ڕامیارییکردن بە ئاڵای سپییەوە لە سەری ڕەش.

هەڵبەتە ئەوەش بڵێم، هەرچەندە بۆ (ینک) ئەگەری یەکەم گرنگ و چارەنووسسازە، بەڵام بۆ گشتێتی سیستەمەکە و ئایەندەی ڕەوتی نەزمی نوێی بازار [نیئۆلیبرالیزم] لە هەرێمی کوردستانو  ناوچەکە، ئەوا کەرتبوون باشتر و چارەنووسسازترە، چونکە بە هۆی کەرتبوون و چوونی کەمینەیەک بۆ لای (پدک)، زەمینەی گارەگاری ڕامیاریی و فریودانی خەڵکی خۆشباوەڕ بە دژەخوونی کۆمەڵێک لە "ڕابەری کوردایەتی" و پیرۆزییەکانی (گردە دزراوەکە) و لەبیربردنەوەی هۆکاری جیابوونەوەی نەوشیروان و دروستکردنی لیست و پارتییە نیلییەکە، کە بەلاڕێدابردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گۆڕانخوازەکان و ناڕەزایەتییەکانی ١٩٩١-٢٠٠٦ی خەڵکی هەرێمی کوردستان و کەرتکردنی ڕیزەکانی گۆڕانخوازان بوو بەسەر دوو ناوچە (زەرد) و (سەوز-نیلی) و ژاراویکردنی بزووتنەوەکە بە سلێمانی-چییەتی.

بەکورتی، دەمەی داهاتوو خەڵکی ناوچەی شارەزوور و سلێمانی و کەرکووک و گەرمیان بە گارەگاری دووبەرەکی " وەفاداران و دڵسۆزانی نەوشیروان" و "خیانەتکاران لە ڕابەری کوردایەتی و گردەکە" خەریکدەکرێت و دەمەیەکی دیکە دەسەڵاتداریی مافیایی (ینک) و (پدک) مۆرکردنی ڕێکەوتنامە ئابوورییەکانی فەرمانداریی هەرێمی کوردستان لەتەک دەوڵەتان و بانکەکان و کۆمپانییە جیهانخۆرەکان مسۆگەر دەکرێن، ئەگەر نەمرین ئەو دیو گردەکە دەبینین و پشت سووتان و ماوار و ناڵەی (ماڵەی سەر گردەکە)ش دەبیستین.

-----------------------------------------

تێبینی : ئەوە دوا نووسینی من لەبارەی جیابوونەوەی نەوشیروان و لیست و پارتیی بەناو "گۆڕان" دەبێت، چونکە وێرای هەموو ئەو شتانە، ئەگەر بڕوام بە پارتییایەتی و خۆشباوەڕیشم بە گۆڕانخوازیی سەرانی گردەکە هەبێت، ئەوا پەروەندەی گردەکەش تەواو، چونکە هەر گرووپ و بزووتنەوەیەک پابەندی ئایدیۆلۆجیا بێت و بە "ڕابەری باش و پارتیی باش و پارلەمانی باش و فەرمانداریی و دەوڵەتی باش" پشتببەستێت، وەک هەموو ڕەوتێکی ئایینگەرا سەرەنجامی لە دوو ئەگەر بەدەر نییە: گەڕانەوە بۆ باوان یان کەرتبوون و جیابوونەوە. بێجگە لەوەش، ناخوازم ڕەخنەم لە پارتیایەتی و جەنگ و فەرمانداریی و دەوڵەت و سەروەریی بچێتە خانەی دژایەتی کەسیی کۆچکردوو (نەوشیروان موستەفا). دیسان دەڵێمەوە، خۆزگە نەوشیروان و هەموو ڕامیارێک وەک تاڵەبانی تەمەنی درێژ بووایە و درێژ بێت و بمێنێت، تاکو وەک تاڵەبانی لە گۆشەیەکی کۆشکی سەروەری و مشەخۆری کرپکەوێت و فەرامۆشبکرێت. بەداخەوە کە (نەوشیروان موستەفا) زوو مرد و بەخت یاری بوو و پیرۆزکرا و کەوتە سەرووی ڕەخنە و سەرنج و پێداچوونەوەی خەڵک.